# بزمارێکی گوێ ئاگردان

خالید مجید فەرەج

ووتیان ئەی ئافەرین، بەخوا چاک قۆڵی مەردانەت لێ هەڵماڵیوە ، بەرانبەر ئەو عەرەب و تورکمانە رەگەز پەرستانە دەخوێنی، کورەخۆ خەریکە بمانخۆن ،بزانە چیمان پێ ئەڵێن ووتم ئەی چۆن خۆشەویستان، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە،وسوپاس و شاباشیشی پێناوێ، ئێمە نەیکەین و ئەو نەیکا ئەی کێ بێنین داکۆکیمان لێ بکا،ودەنگمان بگەیێنێ؟ دواتریش بەندە یەکەمین و دوایین کوردیش نیە، لەم مەیدانەیا زۆری تریش هەن، کە لە ئێمە باشترو جوانتریش ئەو مەسەلەیە ئەگەیێن، ئەگەر سوپاستان کەمە هەڵیبگرن بۆ وان چوونکە ئەوان لە براتان موستەحەق دەسترەنگینترن .ووتیان کورە پێمانە، زۆرە مەترسە بەشی ئەوانمان بەزیادەوە ناردووە، ووتم ماڵتان ئاوابێت .هەبەوەشەوە نەوەستام کە وەڵامی ئەو دژ بەکوردانە لە جێگەی خۆی بدەمەوە، نوسخەیەکیشم بۆ سایتێکی لایەنێکی خۆشەویستیش لەبەر ئەوەی لاپەرەی عەرەبیان هەیە ئەناردو تا ئێستاش بەردەوامم . یەکێک لەو ووتارانەم، وەڵامێکی قانوونی بوو بۆ ووتاری کابرایەکی عەرەبی عێراقی ، کە سەرۆکی محامیە بێ سنوورەکانە، و تیادا باوەری بە وە نەبوو کە کورد بتوانێ خۆی خۆی بەرێوە بەرێ، گەرچی بەشێوەی فیدرالیش بێ، و نەشم بینیووە رۆژێک لە رۆژان وەکو محامیەک کە خۆی دەڵێ سنوورمان بۆ نیە، و لە هەرکوێ یەک مەزلومیەت هەبێ لەوێین ،داکۆکیەک لە مافی رەوای کورد بکا، نە ئێستاو نە لەکاتی ئەنفال و جینوسایدا. بەڵام کاتێک کە کە وەزیری دیفاعی عیراق، لە یەکێک لەو وولاتە ئەوروپیانە بەتۆمەتی بەشداری لە تاوان دژ بە ئینسان دەست بەسەر کرا، جەنابی بەپێی پەتی وسەری قوتیەوە، بەرەو پیری رایکردوو، بەچل گەز عەریزەی داکۆکی لێ کردنەوە بۆ لای داگای ئەو وولاتە ملی شکان ،نەوەکا لەدەستیان دەرچێ و مافە بنەرەتیەکانی حەزرەتی جەنرەڵی ئەنفال پێشێل کەن ،ئەم بەرێزە لەو ماوەیەدا ووتارێکی نووسی کە مەبەستی ئەو زاهیرەن پشتگیری کردن بوو، لە مەسەلەیەک کە کورد تەرەفێکە تیادا، بەلام لە باتیندا پشتگیریەکەی بۆ ئەوەبوو، کە سەرگرتنی ئەو مەسەلیە لەنەزەری ئەوا یەکگرتوویو مەرکەزیتی بەرێوە بردن لە عێراق ئەسەلمێنێ ! ئەوەی سەیرە ئێمەی نووسەرانی کورد، هەموو ووتارەکانمان لە دەوری کورد ئەگەرێ، و هەمووشیان لایە. بەڵام ئەو عەرەبە بە تەنها ووتارێک لاپەرەیەکیان لە سایتەکەدا بۆ کردەوەو ناویان لێنا سەفحەی شەخسی ئوستاز (........) ئەرێ بەرێزینە کورد ئەڵێن خزمی گوێ ئاگردان قەدریان نیە، تو خوا وانیە؟ یان ئەگەر لە هەوەڵەوە بمان نووسیایە ئەلکاتب ئەل عەربی حەوت زەمان بوو سەفحەی شەخسیان بۆ نەئەکردینەوە ئەگەر بشمانوویستایە بچینەوە کوردوستان پارەی سەفەرو هۆتێل و خواردنەوەو کەبابەکەشمان نە ئەکەوتە سەر ئوخوە ئە لئەکراد و بە هەزار ئوستاز و تەفەزەل تەفەزەلیشەوە لە زیهابو ئییابمانەوە( چوون و هاتنەوەماندا) بەدوامانەوە نە دەبوون یان من هەڵەم؟